# دەربەندیخان لەبەرامبەر تاریکیدا

***هەنگاویك بۆ پیشەوە!***

**محمـد غفـور**

mgafor@yahoo.com

**ئەمرۆژانە هەوالی نارەزایەتی روون ورەوا وبەرهەقی خویندکارانی دەربەندیخان بەمەبەستی هەلوەشانەوەی بریاری کردنەوەی مزگەوتیك لەناوەندی سێ خویندنگایاندا،سانسۆرەکانی شکاند وبەشیوەیەکی بەرچاو دەنگی دایەوە. ئەم هەنگاوەی خویندکارانی دەربەندیخان لەپیناوی بەرگریکردن لەکەش وهەوایەکی شارستانی وشاد وئارام بۆ ناوەندەکانی پەروەردە وفیربوون وخویندنیان، جوولە وهەنگاویکی گرنگ ورووله‌پیشە، وجیگای ئەوپەری پشتیوانییە لەلایەن هەرکەسیکەوە کەبەتەنگی دوارۆژی پرۆسەی خویندن وخویندکارانەوە بیت.**

**ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی لە14سالی رابردوودا دەستیان گرتووە بەهەموو شتیکی تاریکی ودواکەوتوویی ودژی زانستی وخویندەوارییەوە، لەپیناوی سازشکردن لەگەڵ رەوتە ئیسلامییەکان لەژیر گوشاری جمهوری ئیسلامی ئیراندا، لەدەسەڵاتدا شەریکیان کردوون وپارە وپوولی باٸاوەردەی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانیان بۆ هەلرشتوون، وریگەیان بۆ خۆشکردوون کەسەدان مەرکەزی کۆنەپەرستی وبەرهەمهینانی تیرۆریستی لەسەر دلی ژیان وحەز وئارەزووی خەلك وخویندکاران قووتبکەنەوە. جگەلەوەی کەوانەی دین لەناو پرۆسەی خویندن وپەروەردەدا رەسمیەتی هەیە وبەزۆر بەمناڵان وخویندکارانی دەخوینن، مزگەوتەکانیشیان کردۆتە ناوەندیك بۆ ئاخنینی پەرەی ناسکی میشکی مناڵان بەخورافاتی دینی ئیسلام، ولەمریگایەشەوە تیرۆری کەسایەتیان دەکەن وبوونی ئازادانەی مناڵان ئەپیچنە خوارافاتی دینییەوە وئاراستەی راست ودرووستی گەشەوپیگەیشتنیان بەلاریدا دەبەن.**

**سەرتاپای خەلکی ئازادیخواز وزانستخواز ومۆدیرنی کوردستان دیاردەی تیکەلبوونی دین وخورافاتی قەومی ومەزهەبی لەگەڵ پەروەردە وفیربووندا تحمول ناکەن وبەشیوەی جۆراوجۆر لەپیناوی پاککردنەوەی پرۆسەی خویندن وپەروەردە لەدین وکەش وهەوای شارستانی وئارامی ناوەندەکانی خویندن خەباتیان کردووە وتیکۆشاون. خەباتی خویندکارانی زانکۆی سلیمانی لەدژی گەندەلی وقاچاغچیتیکردنی سەرانی کوردایەتی بەسەر بەهای زانست وخویندنەوە، وپشتیوانی خویندکارانی زانکۆی سەلاحەدنی هەولیر وخەلکی لیبیان، وەراپەرینی خویندکارانی زانکۆکانی بەسرا لەدژی رەشترین ودررترین تاقمی ئیسلامی بەناوی صدرەوە، ئەو ریبازەیە کە ئیوەش هەنگاوتان بۆی ناوە. خواستی خویندکارانی کوردستان وخەلکی سکۆلار بەگشتی وخویندکارانی دەربەندیخان بەتایبەتی دوورخستنەوە وجیاکردنەوەی دین ومزگەوتەکانە لەپرۆسەی پەروەردە وفیربوون وخویندن. مادام مزگەوتیك ببیتەهۆی تیکدانی باری ئاسایی وئارامی وشادی سێ خویندنگا، هیچ ریگایەکی دیکە نییە بۆ کۆتایی هینان بەنارەزایەتییەکانی خویندکارانی دەربەندیخان جگە لەهەلوەشانەوەی بریاری کردنەوەی ئەو مزگەوتە. هەرچەندە واراگەیەنراوە کەشارەوانی دەربەندیخان بریارەکەی وەستاندووە، بەڵام ئاگریك لەژیر کاوە بەناوی بریك ریکخراوی خویندکارییەوە داوای جێبەجێکردنی بریاری کردنەوەی مزگەوتەکە دەکەن. دەستی پشتی ئەو ریکخراوانە ئیسلامییەکان وحیزبە دەسەڵاتدارەکانن. دەیانەوێ بەدووکەرتکردنی ریزی خویندکاران نارەزایەتییەکە لەباربەرن. گوایا خویندکاران بەشیکی تریان لەگەڵ کردنەوەی مزگەوتەکەدان. ئەم دەستە بەیەکپارچەیی زیاتری خویندکارانی نارازی وریکخراوەکانیان لەدەوری خواستەکانیان وپشتیوانی گەرمی تەواوی ئازادیخوازان وخەلکی سکۆلار وکەس وکاری خویندکاران وسەرجەم خەلکی شەریفی دەربەندیخان دەبەستریت.**

ئەم حەرەکەتەی خویندکارانی دەربەندیخان بێگومان بەپشتیوانی خەلکی دەربەندیخان وکەس وکاریان نەبوایە مەیسەر نەدەبوو. دەربەندیخان بەم هەنگاوەیان دیواریکی پتەویان لەبەرامبەر تاریکیدا پیکهینا کەدەیەوێ بالی رەشی بکیشێ بەسەر باری دەروونی وکەش وهەوای شاد وئارامی پرۆسەی خویندن لەم شارەدا. منیش شانبەشانی خەلکی ئازادیخوازی کوردستان وکەس وکارو مامۆستایانی زانستخواز ومۆدیرن دەنگم دەخەمە پالْ دەنگی خویندکارانی دەربەندیخان بۆ داخستنی پەروەندەی کردنەوەی ئەو مزگەوتە لەناوەنی سێ خویندنگادا، وئەوپەری هەولْ دەدەم دەنگیان بەخەلکی تەواوی کوردستان بگەیەنم وپشتیوانیان بۆ زیاد بکەم. لەهەمان کاتدا داوایەکیشم لەخویندکاران وکۆمەلەی خویندکارانی کوردستان ویەکیتی گشتی قوتابیان ئەوەیە، ئەم هەنگاوە گرنگەیان بکەنە حەرەکەیەك وداوای پاککردنەوەی پرۆسەی پەروەردە وفیربوون وخویندن بکەن لەدین، وەدەرسی دین لەپرۆسەی خویندن لاببریت. دلنیاش بن خواستەکەتان بەرهەق ورەوایە وزۆربەی خەلکی کوردستانتان لەگەلدایە.

2004-04-14